# وەزارەتی مافی مرۆڤی
# حکومەتی هەرێمی کوردستان

---

## چالاکیەکانی مانگی حوزەیران و  تەمموز و ئاب/ 2008

---

## مافی چارەی خۆ نوسین داوایەکی رەوای  گەلانە .....

## کار بۆ بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان دەکەین

---

## لەم ژمارەیەدا :

1- ووتەی ژمارە.....
2- دیدار و چاوپێکەوتنەکان......
3- بەشی بەندیخانەکان.......
4- بەشی سکاڵا.........
5- بەشی منداڵ و ئافرەت.........
6- بەشی رێکخراوەکان........

## رفاندن و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان...!!!

دیارە لە هەموو دونیادا میدیاکان و رۆژنامەنووسان دوو ئامرازی زۆر بەهاداری کۆمەڵگای مەدەنی هەر وڵاتێکن بۆ ناساندنی کلتور و هەموو بوارە سیاسی و کۆمەلاَیەتی و گەیاندنی هەواڵە گەرماو گەرمەکان، ئەمەش بۆتە بەشێك لەو تێگەیشتنەی کە هەر هاولاَتیەك بیەوێ شارەزایی لەسەر هەر ولاَتێك دەستکەوێ بێجگە لە ولاَتەکەی خۆی، کەواتە بە پلەی یەك رۆژنامەنووس کەسێکی هیلاك و زۆر جاران دوور لە میزاجیەت دەیەوێ راستگۆیی خۆی بسەلمێمنێ لە بلاَوکردنەوەی راستیەکان... ئەمەش وایکردووە کە ئەم قەڵەم بەدەستانە زۆرجار توشی رفاندن و تیرۆرکردن دەبنەوە و نمونەش لەم رووەوە زۆرە و ئامارەکانی ئەم دواییەی عێراق ئەوە بەرچاودەخەن کە ئێستاکە چەند رۆژنامەنووس رووبەڕووی رفاندن و تیرۆرکردن بوونەتەوە ئەویش هەمووی لە ئەنجامی ئەو پێکادان و ململاَنێی سیاسی و شەڕ و شۆڕەوەیە.

ئەوەی لێرەدا وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ لەمەڕ پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان و پاراستنی ئازادییەکانی رۆژنامەنووس لە کوردستان جەختی لەسەر دەکەینەوە، دەبێت بەراست و دروستی ئەم دروشمە بۆ هەموو هاولاَتیەك بەتایبەت بۆ دەوروبەر بسەلمێنین فیعلەن _کوردستان ئارام)ە و بە شێوەیەکی دروست دیموکراسیەتی تیا پیادە دەکرێ و هەموو بیرکردنەوەکان و تێڕوانینەکانی تاکی کورد دەبێت ئازادانە بێت بەمەرجێك سنوری یاساکان نەبەزێنێ و لەگەڵ بەندەکانی جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ یەکدی گربن و هەمووان بە چاوێکی ووردبینانەوە لە مەسەلەکان بڕوانن، بەلاَم جێگەی نیگەرانی وەزارەتی مافی مرۆڤە کە هێرش دەکرێتە سەر رۆژنامەنووسان و دەیانرفێنن و تیرۆریان دەکەن دواینیشیان رۆژنامەنووسی گەنج (سۆران مامە حەمە) بوو تیرۆرکرا و لەم رۆژانەشدا هەندێکی تریان لە کەناڵێکی میدیایی تر رفاندووە یان خۆیان و کامێراکانیان رووبەڕووی لێدان کردۆتەوە، دیارە کردەوەی ئەم جۆرە کەسانە بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لەم دەڤەرە و لە کەرکوك بەشێکە لە شێواندنی ئەم دروشمەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان لەمەڕ بە پیلەوە چوونی (دیموکراسیەت)ەوە هەنگاوی بۆ دەهاوێشترێ و لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەش تەواو پێچەوانەیە کە دەیەوێ هەمیشە بە ئاشتی ژیانی رۆژانەی خۆی بەرێتە سەر... بۆیە لە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان رمانگەیاندووە و هەمیشە بانگەشەی ئەوەمان کردووە ئێمە لە هەموو گەلانی دونیا زێتر بووینەتە قوربانی دەستی تیرۆر و بەدرێژایی ئەم دەیان ساڵە بێبەش بووینە لە دەربڕینی ئازادانەی خۆمان و خستنەڕووی داخوازییە چارەنووسازەکانی خۆمان و هەمیشە بوینەتە قوربانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، بۆیە دەبێت ئەو کارانەی کە کراون بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکان زیاتر برەوی پێ بدەین و ببێتە بناغەیەك بۆ پرۆژەیەکی هەتاهەتایی نەمانی هیچ پێشێلکارییەك لە دەڤەرەکەی خۆماندا.

## وەزیری مافی مرۆڤ:
## نابێ کەس بەبێ بڕیاری دادگا زیندانی بکرێ..!!!

بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و ئاگاداربوونەوە لە رەوشی مافی مرۆڤ نیوەڕۆی رۆژی 2008/6/10 بەڕێز د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە بەڕێز (هێرش عبدالرحمن) یارمەتیدەری تایبەتی بەڕێز (قوباد تاڵەبانی) نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا کرد...

لەم دیدارەدا بەدرێژی باس لە رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان کرا و پەیوەندییەکانی هەردوولا تاوتوێکرا..

لەتەوەرێکی دیکەدا ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتانە باسی لێوەکرا کە لەلایەن رێکخراوە جیهانیەکان لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەردەچێ و وەزیری مافی مرۆڤ لەم رووەوە رایگەیاند:

لەگەڵ دەرچوونی هەر راپۆرتێك ئێمە خوێندنەوەی بۆ دەکەین و بە ووردی سەرنجەکانی خۆمانی لەرووی راستی و دروستی لەسەر تۆمار دەکەین.

هەر لەم روانگەیەوە یاریدەدەری نوێنەری حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن دووپاتی کردەوە لە میانی دروستبوونی ئەم پەیوەندیەی نێوانمان دەکرێ ئەو بابەتانەی دەربارەی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ئەمریکا بڵاودەکرێتەوە بەزوویی وەزارەتی مافی مرۆڤ لێی ئاگاداربکرێتەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر.

هەروەها سیستەمی بەڕێوەچوونی مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا جێی گفتوگۆکردنی هەردوولایەن بوو بەمەبەستی وەرگرتنی جۆرێك لە پسپۆڕی و تاقیکردنەوەکانی ئەوان....

هەر لەم پێودانگەوە وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ یەکگرتنەوەی حکومەت بایەخێکی زۆر بەم بوارەدرا و بەتایبەت لە لایەنی پێشێلکارییەکانی توندوتیژی دژی ژنان و بەسەرکردنەوەی بەندیخانەکان و لە نزیکەوە گوێگرتن لە داواو پێشنیارەکانی زیندانیان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە و گەیاندنی ئەم پەیامە لە کوردستانەوە بۆ بارەگای ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە (جنێڤ) و بەستنی کۆنفرانس و سیمینار و سەردانی گوندەکان و بۆ ئاشناکردنی کۆمەڵانی خەڵك بە بنەماکانی مافی مرۆڤ.

هەر لە درێژی قسەکانیدا بۆ یاریدەدەری بەڕێز قوباد تاڵەبانی ئاشکرای کرد وەزارەت ئێستا کار بۆ ئەوە دەکات کە بەبێ بڕیاری دادگا نابێ هیچ کەس لە زیندان گیر بکرێ کە بەر لە ئێستا بە هۆی نەبوونی یاسایەك بۆ تیرۆر خەڵکانێك هەن دەسگیرکراون و تا ئێستا هەندێکیان ماوە دادگایی نەکراون.

## پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان
## چارەنووسی گەلان دەسەلمێنێ.

رۆژی 2008/6/11 لەدیوانی وەزارەت بەرێز د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی چاوی بە (مارتن فۆرسیتا) کە خوێندکاری زانکۆی (لەندەن)ە و بەگەشتێك هاتۆتە کوردستان بەمەبەستی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر چارەنووسی گەلی کورد لە ئایندەدا لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوەبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوو (مارتن) بەتێروتەسەلی باسی لەو پرۆژەیە کرد کە بەنیازە ئەنجامی بدات و لەپرسیارێکی گرنگدا رایگەیاند:

ئایا ئەم بوارە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ رەخساوە کە گەلان حەقی چارەنووسی خۆیان هەبێت و لەدوو تویی کیانێکی سەربەخۆ ژیان و کولتوری خۆیان بەرێوە ببەن..؟ لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ رونیکردەوە کە لە برگەی (1)ی پەیماننامەی یەکەم و دووەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ بنەماکانی مافی مرۆڤدا هاتووە:

هەموو گەلان مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە و لەبنەماکانی مافی مرۆڤی گەلان ئەو مافەیان پێ بەخشراوە...

لەلایەکی دیکەوە باس لەوەکرا لەحاڵەتی جێگیربوونی کیانی کورد تا چەند پێویستی بەوە هەیە ئابووری خۆی پەرەپێبدات و هەر لەم رووەوە (مارتن) ئاماژەی بە ماددەی (140) دا و باسیشی لەو دەڤەرانە کرد کە ئەم برگەیە دەیانگرێتەوە لەمەشیان وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:

کێشەی کەرکوك بەلای خەڵکی کوردستانەوە ئەوەندەی پەیوەندی بە کێشەی خاك و گەلێکی زوڵملێکراوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بەنەتەوە نیە کە هەندێ لایەن و هەندێ لە میدیاکان باسی لێوە دەکەن و هەمیشە گەلی کورد ویستویەتی بەگوێرەی دەستوور و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێ، چونکە ئەمە کێشەیەکی گرنگی ئەم دەڤەرەیە و دەستنیشانکردنی چارەنوسسازی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەم شوێنانە کە بەندە بە ناوەرۆکی ئەم ماددەیە و تا ئەم ساتەش مشتومرێکی زۆری لەسەر دەکرێ..

لەتەوەرێکی تردا (مارتن) ئاماژەی بەوەدا کە تا چەند گەلی کورد ئامادەباشی تێدایە بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و ئاوەدانیکردن کە ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بنیاتنان و گەیشتن بەمەرامی چارەنوسسازی میللەتێك..

شایانی باسە ئەم دیدارەی (مارتن فۆرسیتا) بەشێکە بەو بایەخەی ولاّت بە گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی لە ئایندەدا...

## هەولێر

## بەسەرکردنەوەی بنکەی ( هێلینا ) و منداڵە بێ سەرپەرشتیارەکان

لە درێژەی چالاکیەکانی  وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بەرنامەرێژییەی کە بۆ رۆژی جیهانیی منداڵان رێکخستووە و بۆ بەرزراگرتنی ئەم رۆژە جوانەی منداڵان، گروپێکی وەزارەت بەسەرپەرشتی خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەڕێوبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ گەشتێکیان بۆ چەند دەزگایەك سازدا، ئەوانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بەژیانی رۆژانەی منداڵانەوە هەیە و سەرەتا سەردانی بنکەی (هێلینا)یان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی کەمئەندامان کردوو دوای ئەوەی یەکە یەکە لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی رۆژانەی کەم ئەندامە منالەکانیان پرسیەوە و ئینجا دیارییان بەسەر (100) منداڵی کەمئەندام دابەشکرد.

دوابەدوای ئەمە گرووپی ناوبراو بەڕێوبەرایەتی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتانیان بەسەرکردەوە و وێڕای گوێگرتن لە داوا و پێشنیارەکانیان دیارییان بەسەر (49) منداڵی ئەم چاکسازیە دابەشکرد.

هەر لەم گەشتەیاندا ماڵی (خەندە) یان بەسەرکردەوە کە (75) منداڵی کچی بێ سەرپەرشتیار ژیانی لێ بەسەر دەبەن، هەروەها سەردانی خانەی کوڕە بێ سەپەرشتیارەکانیشیان کرد و بەم بۆنە پیرۆزەوە دیارییان بەسەر بەخشرا. شایانی باسە ئەم گەشتە بۆ ئەم شوێنانە و بەسەرکردنەوەیان چەند سەعاتێکی خایاند.

# کۆنفرانسێك بۆ کەمکردنەوەی برگە یاساییەکانی لەسێدارەدان بەڕێوەچوو

رۆژی 2008/7/1 لە هوتێلی خانزاد لە هەولێر کۆنفرانسێك سەبارەت بەکارکردن بۆ کەمکردنەوەی برگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان بەسەرپەرشتی وەزارەتی مافی مرۆڤ و بەئامادەبوونی وەزیری مافی مرۆڤ و نوێنەری وەزارەتەکانی هەرێم و ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان و ماریا سۆلیداد لێپرسراوی مافی مرۆڤ لە یۆنامی و نوێنەرانی ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بواری مافی مرۆڤ و رێکخراوە نا حکومیەکان بەڕێوەچوو.

لەسەرەتای کۆنفرانسەکەدا د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ وتەیەکی پێشکەشکرد و تیشکی خستە سەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە، کە تایبەتبوو بە مافی مرۆڤ و تیرۆر و کارپێنەکردنی یاسای لە سێدارەدان، ووتی:پەرلەمانی کوردستان لەمانگی (8)ی 2006، بڕیاری دووبارە کارپێکردنی سزای لە سێدارەدانی لەهەرێمی کوردستان دەرکرد و وەزارەتەکەمان لەکاتی دەرکردنی بڕیارەکە نیگەرانی خۆی نیشاندا و بەیاننامەی بڵاوکردەوە و، هۆی بڕیارەکەش لەلایەن پەرلەمانەوە بۆهەڕەشەی تیرۆر لەسەر هەرێمەکەمان نەمێنێت، ئەوکات ئێمە لەگەڵ سزای لەسێدارەدان نابین، بۆیە بڕیارماندا پرۆژەیەك لەسەر کەمکرنەوەی سزای لەسێدارەدان ئامادەبکەین.

دواتر محەمەد فەرەج سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان ووتی: درێژکردنەوەی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر بکەوێتە دوای ئەو کۆنفرانسە، چونکە ئەو کۆنفرانسە کۆمەڵێك پێشنیار و رەشنووسی باش ئامادە دەکەن.

پاشان، ماریان سۆلیداد لێپرسراوی مافی مرۆڤ لە رێکخراوی یۆنامی لە ووتەیەکیدا ووتی: پێویستە یاسای بڕیاری لەسێدارەدان لەوشوێنە جێبەجێبکرێت کە تاوانی سەختی لێ ئەنجام دەدرێت و بڕیارەکەش لەکاتێکدا جێبەجێدەکرێت کە پرۆسەی دادگایکردنەکە بەشێوەیەکی رێکوپێك بەڕێوەبچێت و رێزی تەواوی ئەو کەسەش لەناو دادگا پارێزراو بێت، ئەگینا ئەو سزایە بە رەشەکوژی یان کوشتنی هەڕەمەکیانە و بێبەشکردنی خەڵك لەمافی ژیان ئەژماردەکرێت.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەساڵی 2006 تا 2008/6/30، (34) کەس لەهەر پارێزگاکەی هەرێم بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە و (18) کەسیان بڕیارەکەیان لەسەر جێبەجێکراوە، کە لە هەولێر زیاترین حاڵەتی جێبەجێکردنی ئەو سزایەی بەرکەوتووە کە (17) کەسن و (4)یان سزای پێشووتر بووە و لە دهۆك (1) کەس، بەلاٚم لە سلێمانی هیچ سزایەکی لەوجۆرە جێبەجێنەکراوە.

دوای تەواو بوونی خوێندنەوەی ووتارەکان و پێشکەشکردنی چەند بابەتێك کۆنفرانس سێ گروپی لێ دروست بوو و دابەش بوون ئەویش گروپەکانی (یاسای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و یاسای عێراقی و یاساکانی تر) و دوای کۆبوونەوەکانیان راسپاردەکانیان خرایەڕوو و گفتوگۆیان لەسەر کرا و راسپاردەکانیان دەوڵەمەندکران و پاشان لێژنەیەك پێکهات بۆ داڕشتنەوەی راسپاردەکان بەشێوەیەکی یاسایی و پێشکەشکردنی بۆ سەرۆکایەتی حکەمەتی هەرێمی کوردستان و لەرێگای ئەوانیشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی راسپاردەکان و پێشنیارەکان بەم شێوەیە بوو:

1- یاسای ماددە بێ هۆشکەرەکان:

پێشنیاز: مانەوەی سزای لە سێدارەدان بەپێی ماددەی (14)ی یاسای ناوبراو، بەلاٚم سەپاندنی بەسەر ئەو بازرگانانەی تۆڕەکانی ئەم بازرگانیە بەڕێوەدەبەن (الڑین یدیرون شبکات تجارە المخدارت).

2- یاسای سزای سەربازی:

پێشنیاز: پەرلەمان دراسەی یاسایەکی سەربازی بکات کە تیایدا رەچاوی ئاسایشی هەرێم و تایبەتمەندی هەرێم و ئەو حاڵەتانەی پەیوەستە پێیان بکات و لەگەڵ کەمکردنەوەی حاڵەتی لە سێدارەدان و نەهێشتنی سزای سێدارە تیایدا.

3- پێشنیاز: دواخستنی راستاندنی (مصادقە) سزای لە سێدارەدان لەگەڵ رەچاوکردنی جۆری تاوان و مەترسییەکەی بەمەبەستی پێداچوونەوەی ملائمەی تاوانی ئەنجامدار و لەلایەن دادوەرەکان.

4- پێشنیاز: درێژکردنەوەی ماوەی شیردان لەکاتی سزادانی دووگیان و سەرۆکی هەرێم بۆی هەبێ سزاکە بگۆڕێت.

5- پێشنیاز: رەچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لە جێبەجێکردنی سزای سێدارە لە رووی ئامرازەکانی بەکارهاتوو و کەسی ئەنجامدەر و کاتی ئەنجام دان.

6- لابردنی ووشەی (باعپ سیاسی) لە بڕگە (2) ماددەی دووەم و بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێیەم.

7- بڕگەی (4) لەماددەی دووەم بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێیەم.

8- گواستنەوەی بەشێك لە بڕگە (5) ماددەی دووەم.

(ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێ نەکەوتەوە) بۆ ماددەی سێیەم.

## لەکۆتایی کۆنفرانسەکەش راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانس راگەیەنرا و ئەمەی خوارەوەش دەقەکەیەتی:

کاتژمێر 9:30ی سەرلە بەیانی رۆژی 2008/7/1 وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی بۆردی راوێژکاری رێکخراوە ناحکومیەکان لە دیوانی وەزارەت کۆنفرانسی (کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بڕگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان)ی سازکرد، بە پێ ی بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکە لەسەرەتادا وتاری هەریەك لە:

وەزارەتی مافی مرۆڤ و لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان و رێکخراوی یونامی و رێکخراوی ئەمنیستی ئەنترناشناڵ و رێکخراوە نا حکومی و بۆردی راوێژکاری خوێندرایەوە.

ئینجا چەند بابەتێکی پەیوەندار بە ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکە لەلایەن پسپۆڕانەوە پێشکەشکرا کە بریتی بوون لە (ئاماری جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان و سزای لە سێدارەدان لە یاسای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و خوێندنەوەیەك بۆ سزای لە سێدارەدان لە یاساکانی سزای عێراقی و سزای لە سێدارەدان لە یاسا نێودەوڵەتیەکاندا).

دوای پشوویەکی کورت کارەکانی کۆنفرانس بە سەر (3) گروپ دابەش بوون کە ئەویش گروپەکانی (یاسای رووبەڕووبونەوەی تیرۆر و یاسای سزادانی عێراقی و یاساکانی تر) بوو..

لە دانیشتنی دووەمی کۆنفرانس راسپاردەی گروپەکان خرایەروو و گفتوگۆیان لەسەر کرا و راسپاردەکان دەوڵەمەند کران و پاشان لێژنەیەك پێکهات بۆ دارشتنەوەی راسپاردەکان بە شێوەیەکی یاسایی و پێشکەش کردنی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە رێگای ئەوانیشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

لەکۆتایی کۆنفرانسەکەشدا راگەیاندراوی کۆتایی کۆنفرانس خوێندرایەوە.

کۆنفرانسی (کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بڕگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان)

وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان

2008/7/1

## وەزارەتی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی یۆنامی پشتگیری لە نەمانی سزای لە سێدارەدان دەکەنەوە

بەمەسەتی کارکردن بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم پرۆژەیەی کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ئەنجامی راوبۆچوون و پێشنیارەکانی بەشدارانی کۆنفرانسی (کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بڕگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان) ئامادەی دەکات. رۆژی 2008/7/3 لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت بەرێز د.شوان محەمەد عەزیز پێشوازی لە خاتوو (ماریا سۆلیداد) لێپرسراوی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی یۆنامی کرد.

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەڕێوبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەیبوو وەزیری مافی مرۆڤ بەدرێژی باسی لە بایەخی ئەم پرۆژەیە کرد و جارێکی تریش دووپاتیکردەوە کە سزای لە سێدارەدان لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ ناگونجێ، بۆیە وەزارەت هەمیشە بەجدی کار بۆ کەمکردنەوە و نەمانی دەکات، بەستنی ئەم کۆنفرانسەی دواییش بەشێکە لەو هەولانە، ئاماژەشی بەوەدا کە ڕێکخراوی یۆنامی لایەنێکی گرنگە لەم پرۆژەیە و کارەکانیشیان لەم رووەوە لەبەر چاوە.

لەبەرامبەردا خاتوو (ماریا سۆلیداد) رایگەیاند کە سێدارە لەو وڵاتانە جێبەجێدەکرێ کە کێشە و گرفتی زۆر زۆر بێت و ئاڵۆزییەکی تەواوی بەخۆوە گرتبێ و ڕێکخراوی یۆنامی لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم سزایەدا نیە، لەتەوەرێکی دیکەدا هەردوولا باسیان لە دیاردەی ئەشکەنجەدان کرد لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە هەردوولا مەحکومی ئەم دیاردەیەیان کرد و بریاریشیان دا کە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ دەستنیشانکردنی خراپیەکانی ئەم دیاردەیە و بنبڕکردنی.

جارێکی تر مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان باسێکی گرنگی ئەم دانیشتنە بوو و ئەو کارو چالاکیانە خرانەروو کە وەزارەت ئەنجامیداوە لەم بوارەدا، لەدرێژەی گفتوگۆکانیشدا رەوشی زیندانیان و دواکەوتنی دادگاییکردنی زیندانیان خرایەروو و هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ رەوشی زیندانیەکان لەئایندە هەموو ئاستەنگەکانی لەبەردەم لابرێ و کێشەی دواکەوتن دادگاییکردنی زیندانیش کە ئەمڕۆ بۆتە داواکارییەکی هەمیشەیی زیندانیان بۆ بەدیارخستنی چارەنووسیان کە وەزارەتی مافی مرۆڤ کاری زۆری لەسەر کردووە، بەڵام تا ئێستاش ئەم کێشەیە بەردەوامە.

لە تەوەرێکی دیکە لێپرسراوی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی یۆنامی باسی لە بەندیخانەی (سوسێ) کرد کە پەیوەندی راستەوخۆی بە حکومەتی مەرکەزییەوە هەیە و هەر لەبەر ئەم رۆشناییەش باسی لەو لێبوردنە گشتیە کرا کە لە حکومەتی مەرکەزییەوە دەرچوو و هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە، چونکە پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەلێبوردنێکی گشتی دەرکرد بوو ژمارەیەکی زۆری زیندانیان تیایدا سوودمەندبوون و گەڕانەوە نا ژیانێکی ئاسایی.

لە کۆتایی ئەم دیدارە خاتوو (ماریا سۆلیداد) خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر باشبوونی بارودۆخی کوردستان دەربڕی و راشیگەیاند: کە ئەم دەڤەرە ئارامە و گۆڕانکارییەکی شارستانی و کۆمەڵایەتی باشی بەخۆوە بینیوە.

## وەزیری مافی مرۆڤ:
## پێشوازی لە وەفدێکی کۆمەڵگای مەدەنی پارێزگای سەلاحەددین کرد....

بەمەبەستی هاوکاریکردن و شارەزابوون لە کارەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و زیاتر ئاشنابوون بە ئەزموونی وەزارەت لە پاراستن و بەرەو پێشبردنی مافی مرۆڤ ڕۆژی 2008/7/15 وەفدێکی هەمەلایەنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە پارێزگای سەلاحەددین سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرێز د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازییان لێکرا.

لە دەستپێکی ئەم دیدارەدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو کارو چالاکیانە کرد کە لەدوای دروستبوونی کابینەی پێنجەم لە بوارەکانی ڕەوشی مافی مرۆڤ ئەنجامدراوە بەتایبەت لە ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی وەك دروستکردنی بۆردێکی ڕاوێژکاری کە ژمارەیەك لە ڕێکخراوە ناحکومیەکانی تایبەتمەند بە مافەکانی مرۆڤ و توندوتیژی دژی ژنان و بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە هەموو پێشێلکارییەکان.

ئەوەشی ڕاگەیاند: کە کۆمەڵگای مەدەنی بەشێکە لە بۆچوونەکانی مافی مرۆڤ و هۆکارێکی گرنگیشن بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان، لە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەم ڕووەوە هاتۆتە کایەوە.

لە بەرامبەردا وەفدی میوان خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر بەم ڕەوشە و ئەم ئارامیەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەدی دەکرێ دەربڕی و هیواشیان خواست کە لە ئایندەیەکی نزیك هەموو پارێزگاکانی عێراق بگرێتەوە.لەتەوەرێکی دیکەدا هەردوولا باسیان لە گۆڕینی یاسای کۆمەڵگای مەدەنی کرد و بە پێویست زانرا کە ئەم هەنگاوە بەزوویی بهاوێژرێ، چونکە دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ دەستنیشانکردنی کاری سەرەکی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و پشتگیری کردنیان لە هەموو بوارەکاندا کە وەزارەتی مافی مرۆڤ تاکە ئامانجی ئەمەیە بایەخ بە ڕێکخراوە نا حکومیەکان بدرێ...

لەبەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا توندوتیژی دژی ژنان گفتوگۆی لەسەر کرا و وەفدی میوان ڕوونیانکردەوە کە ئەم دیاردەیە لەلای ئەوان هەیە، بەڵام بەم ڕێژەیە نیە.

لەتەوەرێکی دیکەدا هەردوولا باسیان لە گۆڕینی یاسای کۆمەڵگای مەدەنی کرد و بە پێویست زانرا کە ئەم هەنگاوە بەزوویی بهاوێژرێ، چونکە دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ دەستنیشانکردنی کاری سەرەکی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و پشتگیری کردنیان لە هەموو بوارەکاندا کە وەزارەتی مافی مرۆڤ تاکە ئامانجی ئەمەیە بایەخ بە ڕێکخراوە نا حکومیەکان بدرێ...

هەر هەمان ڕۆژ لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی دیوانی وەزارەت لیژنەیەکی پسپۆر کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەك دادوەر و پارێزەر و کەسانی یاساناس بۆ بەدواداچوونی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی (کارکردن بۆ کەمکردنەوەی برگەکانی سزای لە سێدارەدان) کۆبوونەوە کە تیایدا خاتوو تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ ئامادەبوو، لیژنەکە یەکە بە یەکە ڕاسپاردەکانیان تاوتوێکرد بۆ دارشتنی پرۆژە یاسایەك لەمەڕ کەمکردنەوەی برگە یاساییەکانی لە سێدارەدان، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤەوە، لەدوایشدا بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لە سەریان.

## بەیاننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ دەربارەی کوشتنی رۆژنامەنووس

## ( سۆران مامە حەمە )

لە رۆژی 2008/7/21 لە ئەنجامێکی کارێکی نامرۆڤانە و دوور لە هەموو بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان رۆژنامەنووسی گەنج (سۆران مامە حەمە) لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە کەرکوك کوژرا، دیارە کوشتنی ئەم رۆژنامەنووسە پێشێلکارییەکی ترە دەرهەق بە ژیان و ئازادی رۆژنامەنووسان، هەوڵێکی نەزۆکی ترە بۆ سەرکەت کردنی ئازادی رادەربڕین و بلاْوکردنەوەی راستەیەکان لەو پەڕی رۆژنامەکاندا، ئێمە وێڕای ئیدانە کردنی ئەم کارە نامرۆڤانەیە و مەحکومکردنی بەتوندی، داواکارین کە هەرچی زووە هەوڵ بدرێت لەلایەن دەزگا پەیوەندارەکانبۆ دۆزینەوەی تاوانباران و مامەڵەکردنیان بە گوێرەی یاسا و هەوڵ بدرێت کە چیتر رۆژنامەنووسان رووبەڕووی توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندن نەبنەوە و رای ئازادی رادەربڕن کە بنەمای سەرەکی دیموکراسیەتە لەلایەن خەڵکانی دوژمن بەم بنەمایانە کپ نەکرێتەوە...

وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان

2008/7/24

## له وەزارەتی مافی مرۆڤ بڕیاری
## دامەزراندنی بۆردی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان له پارێزگاکان درا...

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2008/7/29 له دیوانی وەزارەت لێژنەی بەدواداچوونی کارەکانی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست، بە سەرپەرشتی سەرۆکی لێژنەکه بەرێز وەزیری مافی مرۆڤ و ئامادەبوونی بەرێزان د.جنان وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان و بەرێز جۆرج منصور وەزیری هەرێم بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەرانی وەزارەتەکانی پەیوەندیدار...

لەم کۆبوونەوەیەدا پاش گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل بڕیاردرا بۆردی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان دابمەرزرێت له هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان که پێشتر بەرێز سەرۆکی حکومەت بڕیاری لەسەر دابوو.

ئەم بۆردەش پێکدێت له نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤ وەك سەرپەرشتیار و هەروەها بەڕێوەبەری بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی ژنان و ئافرەتان له پارێزگاکان و هەر یەك له داواکاری گشتی و پزیشکی دادوەری بە مەبەستی رێکخستنی کارەکانی توندوتیژی ژنان و ئافرەتان له ئامار و پەلەکردن له راپەراندنی کارو کێشەکانی تایبەت بە توندوتیژی له دادگا.

## وەزارەتی مافی مرۆڤ بە هاوکاری بۆردی راوێژکاری
## خولێکی بەهێزکردن بۆ 25 ئەفسەر دەکاتەوە.

لەبەردەوامی کاروچالاکیەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژی 2008/7/30 بە ئامادەبوونی بەرێز د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ و مامۆستا فائق جێگری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ و بەرێوبەرە گشتیەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، خولێکی بەهێزکردن بۆ توانای کارمەندانی بەرێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان و سەر بەوەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ لە هۆڵی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ کرایەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ بەهاوکاری بۆردی راوێژکاری بۆ 25 ئەفسەری ئەو بەرێوبەرایەتیە کردیەوە، بۆ ماوەی (5) رۆژ بەردەوام دەبێت.

بابەتەکانی ئەم خولە:

ئاشنابوون بە بنەماکانی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و رێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان و جارنامەی بەرنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و پرەنسیپەکانی دادگایی دادپەروەرانە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژی لەرووی سایکۆلۆژییەوە، مافی ژنان و یاسای باری کەسیەتی عێراقی و هونەری لێکۆڵینەوە لە کێشەکان و بەرێوەبردنی ململانێ لەبواری توندوتیژی دژی ژنان و دروستبوونی ناکۆکی و چۆنیەتی چارەسەرکردن و ناوبژیوانی.

## دانانی (بۆردی توندوتیژی دژی مێینە لە پارێزگاکان)
## تەکانێکی دیکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە...

لەبەر ڕۆشنایی کۆبووونەوەی ڕۆژی 7/29ی لیژنەی بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت و بڕیاردانی لەسەر پێکهێنانی بۆردێکی توندوتیژی دژی مێینە لە پارێزگاکان بەمەبەستی بەزوویی لێکۆڵینەوە و ئاگاداربوون لەسەر ئەم کێشەی کە ئەمڕۆ بە شێکە لە گرفتەکانی ئەم دەڤەرە، سەر لە بەیانی ڕۆژی 2008/8/1 بەسەرپەرشتی بەرێز د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی دیوانی وەزارەت یەکەم کۆبوونەوەی (بۆردی ڕاوێژکاری توندوتیژی دژی مێینە لە پارێزگاکان) بەسترا کە نوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەهەر سێ پارێزگاکانی هەرێم ئامادەبیوون.

لەدەستپێکی کۆبوونەوەکەدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەدیاردەی توندوتیژی کرد و بەدیاردەیەکی ترسناکی وەسفکرد و ئاماژەشی بەوەدا کە پێشتر وەزارەت کاری زۆری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە کردووە بەتایبەت لەبواری توندوتیژی دژی ژنان کەلەسەر پێشنیاری وەزارەت لیژنەیەکی بالاَ لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بەبەشداری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێکهات و لەدوای دروستبوونی ئەم لیژنەیە و کارکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێژەی کوشتنی ژنان ڕوو لەکەمبوونەوەیە، ئینجا گرنگی دانانی ئەم بۆردەی بەهەنگاوێکی پڕ بایەخ وەسفکرد بەتایبەت لەڕووی بەدەنگەوەهاتنی سەرۆکایەتی حکومەت بۆ ئەم کێشە سەختە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلاَیەتی و کولتوری لەناو گەلەکەمان لەناوەوە و لەدەرەوەی ولاَت گرتۆتەوە.

لەتەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە باس لە وەرگرتنی ئامارەکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر توندوتیژی و پەلەکردن لە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوانباران و ئەو پرسانەی کە لەسەر ئەم دیاردەیە دێتە ئاراوە.

هەروەها تیشك خرایە سەر کارکردنی پزیشکی دادوەری لەکاتی ئەنجامدانی توندوتیژییەکان و داواکرا کە پەلەبکرێت بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری تا بەزوویی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان وەدەرکەوێ و دادگا ڕێگا یاسایی خۆی بگرێتەبەر ... هەروەها ئەرکی هەر یەك لە ئەندامانی بۆردی توندوتیژی دژی مێینە لە پارێزگاکان دەستنیشان کرا تا بەشێوەیەکی زانستیانە کارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم بۆردەش کە وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرپەرشتی دەکات ژمارەیەك پزیشکی دادوەری و دادوەر و ئەفسەرانی وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەرانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت و پارێزگاکانی هەرێم ئامادەبیوون بڕیاردرا کە ئەم کۆبوونەوانە مانگانە بێت لە هەریەك لە پارێزگاکاندا بۆئەوەی زووتر بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەکان بکرێت.

# ئەمساڵ خەلاتی ( UN ) دەدرێتە چالاککارانی مافی مرۆڤ

لەدرێژەی کۆبوونەوەکانی بۆردی راوێژکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی (UN) و ژمارەیەك لە رێکخراوە مەدەنیەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ... رۆژی 2008/8/13 بەسەرپەرشتی د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی وەزارەت کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئەم بۆردە سازدرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوو لە پێشدا ئەجێندای کاری ئەم کۆبوونەوەیە خرایەروو کە بریتیبوو لە چەند بڕگەیەك... لەبەراییدا لیژنەی بەدواداچوون کە بریتین لە نوێنەرایەتی وەزارەت و یۆنامی گفتوگۆیان لەسەر کاروکۆبوونەوەکانی خۆیانکرد کە زیاتر لایەنی بەدواداچوونی راسپاردە و پێشنیارەکانی کۆبوونەوەی پێشووی بۆردەکەی لەخۆ گرتبوو و بەتایبەت لەرووی بەستنی کۆنفرانس و کردنەوەی خولەکان بوو.

ئینجا ئامادەبووان رایەکانیان ئاڵوگۆڕکرد لەسەر ئاکامی کۆنفرانسی سزای لە سێدارەدان کە لە رۆژی 2008/7/1 لەلایەن وەزارەتەوە رێکخراو ژمارەیەك راسپاردە و پێشنیاری لێکەوتەوە و کاری لەسەرکرا بەمەبەستی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەك بۆ ئەم مەبەستە و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەوێشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

لەتەوەرێکی دیکەدا تەرخانکردنی خەلاتی رێزلێنان لەلایەن رێکخراوی (UN) ەوە کە لەرۆژی 2008/12/10 بەبۆنەی (60) ساڵەی ساڵیادی جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بۆ کەسێك لە هەر وڵاتێکدا کە چالاککاربووبێ لە بواری مافی مرۆڤ گفتوگۆی تێروتەسەلی بەخۆوە بینی و وەزارەتی مافی مرۆڤیش بۆ ئەم مەبەستە لەخۆئامادەکردندایە بۆ دانانی پرۆگرامێکی تۆکمە بۆ پێشوازیکردن لەم رۆژە و بەم بۆنەیەوە.

لەمەڕ قسەکردنیش لەسەر بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتیکردەوە کە وەزارەت بەردەوام دەبێ لەم رووبەرووبونەوەیە بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو راشیگەیاند: لەسەرەتای ئەم مانگە وەزارەت خولێکی بۆ بەرزکردنەوەی توانای کارمەندانی بەرێوبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ کردەوە کە تیایدا (24) ئەفسەر لەهەولێر و دهۆك و سۆران بەشدارییان تێداکردبوو و لەم خولەشدا چەند کەسانێکی پسپۆڕ لە دیوانی وەزارەت لێکۆڵینەوەیان تیا پێشکەشکرد و ئەنجامەکەشی بەرەو تێگەیشتنێکی ئیجابیانەبوو لە نێوانی پرۆسەی مافی مرۆڤ و لایەنی پۆلیس کە لایەنێکی پەیوەندیداری گرنگە لەم رەوشەدا.

نیوەرۆی هەمان رۆژ بەرێزی لەنوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لەوەفدێکی مەڵبەندی گشتی سلێمانی کۆمەڵەی کورتە باڵاکان کرد...

لەم دیدارەدا بەرێز (عمر جبار صالح) سەرۆکی کۆمەڵەکە باسێکی لە کاروچالاکیەکانی ئەم کۆمەڵەیە کرد و رایگەیاند کە بەبەردەوامی بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن و تا ئێستاکەش خولی کۆمپیوتەر و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەشداریکردنیان لە چالاکیە وەزرشیەکان کە ئێستاکە چوار ئەندامیان لەهەڵبژاردە وەرزشیەکانی عێراقی لەیاری مەلەوانی و زۆرانبازی یاری دەکەن، هەروەها بەشداری کارە هونەرییەکان شانۆیی و درامییەکانیان کردەوە و دوا بەشداریشیان لە درامای (گەردەلول) بووە و ساڵانەش بەشداری فیستیڤاڵی شانۆی کوردی دەکەن کە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە ساز دەکرێ، لەم سەردانەشیاندا بۆ دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ داواکاری ئەوەیان هەبوو کە ئەنجومەنی وەزیران چاوێك بە مووچەکەیان بخشێنێتەوە، چونکە بەپێی بارودۆخی ئەمرۆی ژیان بڕە پارەیەکی کەمە.

لەبەرامبەردا د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ بەڵێنی پێدان بە پێی توانا یارمەتیان بدات و پشتگیری لە کاروچالاکیەکان بکات.

شایانی باسە ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی 1994ەوە دامەزراوە و ئێستا (3830) ئەندامی هەیە.

## ڕێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان
## سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی کرد....

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2008/8/20 بەڕێز د.شوان مەحمەد وەزیری مافی مرۆڤ لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە بەڕێز د.دیندار زێباری ڕێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. لە دیدارێکدا باس لەبواری پەیوەندیدار بە ئەرك و کارەکانی وەزارەت و پەیوەندیان سەر بەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوردستان و عێراق و دەرەوەی کوردستان کرا بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی یونسکۆ و یونامی یونۆپس و هیومان رایتس و کاری نێو دەوڵەتی و بواری پەیوەندیدار و بەرنامە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی کوردستان و نەتەوەیەکگرتووەکان کراو دواتر لەلایەن وەزیری مافی مرۆڤ باس لە هەماهەنگی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کرا بەتایبەتی لە بواری مرۆڤایەتی و ڕاهێنان و گەشەپێدان گرنگی پێگەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ خزمەت کردنی هاووڵاتیان و فراوان بوونی دامەزراوەو فەرمانگەکانی وەزارەت و پلانی داهاتوو کران و سوپاسی ڕێکخەری هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر بۆئەم مەبەستەش بەڕێز د.دیندار زێباری جەختی لەسەر فراوان کردنی تۆڕی نێوان وەزارەتی مافی مرۆڤ و سەرجەم ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەك کە وەزارەت بەشدار بوونی زیاتری لە کۆڕو نێوەندە نێو دەوڵەتیەکان و ناوچەییەکان هەبێت کە لەڕێگەی ئەم وەزارەتەوە کارەکانیان پەیوەندیەکان توندو تۆڵ تر دەبن و هەروەها باس لە ئامادەکردنی نامەیەکی وەزارەت کرایەوە بۆ جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ داواکاری پێداویستی و پشتیوانی مەعنەوی و پەرەپێدانی یاسایی و مەدەنی کاری هاوبەش لە دروست کردنی پرۆژەی نموونەیی لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی و دۆزینەوەی هەلی کار و تواناسازی هەروەها بەمەبەستی ناساندنی کارو چالاکیەکان وەزارەتەکان و بەهێزکردنی هەماهەنگی و پەیوەندیکردن لە نێوان وەزارەتەکان ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ....

لەکۆتایی دیدارەکەشدا باس لە کردنەوەی پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەتی نووسینگەی ڕێکخەری حکومەتی کوردستان لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرا کە تیایدا چەندین هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوون و بەڵگەنامەی گرنگ لەو بوارانە دەخاتە ڕوو کە خزمەت بە حکومەتی کوردستان دەکەن.

# ستافێکی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی-یان کرد

سەر لەبەیانی رۆژی 21/8/2008 بەرێز د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە ستافێکی رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی بەناوبانگی ئەمریکایی کرد، لە پێشدا وەزیری مافی مرۆڤ بە وردی باسی لەو کاروچالاکییە مرۆییانە کرد کە لە میانی ماوەی دەستبەکاربوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ ئەنجامدراوە و زیاتر تیشکی خستە سەر ئەم کۆنفرانس و سیمینارانەی لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان سازدراون.

هەروەها ئاماژەی بەوەدا ئەم دەڤەرە لە رووی ئارامییەوە جیاوازی لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق هەیە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیری ئارامی و پاراستنی ئاسایش لە ناوچەکەدا.

لە وەڵامی پرسیارەکانی ستافی رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتیکردەوە کە بەشێوەیەکی جیدی کار بۆ ئەم مەسەلەیە دەکرێ و لیژنەی تایبەتی بۆ دانراوە و لەماوەی ساڵێکدا کە ئەم لیژنانە دەستبەکاربوین بە پێی ئامارە فەرمیەکان رێژەی ئەم دیاردەیە روو لە کەمبوونەوەدایە.

ئەوەشی روونکردەوە کە فەرمانگەی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ دانراوە و تا ئێستاکە کاری خۆیان بە وردبینی کردووە و بە ژمارەش لە ماوەی ساڵێك رەقەمەکانی راگەیاندن، لەتەوەرێکی دیکەدا بۆ ستافی رۆژنامەکەی روونکردەوە کە حاڵی حازر وانەی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکانی کوردستان دەخوێندرێ و دیارە ئەمەش دەبێتە بناغەیەك بۆ زووتر ئاشنابوونی نەوەی نوێ بە سیستەمی مافەکانی مرۆڤ و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا.

لەلایەکی دیکەوە وەزیری مافی مرۆڤ لە وەڵامی پرسیارێکی تردا لەمەڕ ئەو ماڵە ئارامانەی کە بۆ ئەم ژنانەی هەرەشەی توندوتیژییان لێدەکرێ رایگەیاند: کار بۆ پاراستنی ئەم شوێنانە کراوە و لەئەنجامی روودانی هەر کارێکی تاوانکاری دژییان یاسا بەتوندی سزای تاوانباران دەدات، بەڵام ئێستا بیرۆکەیەك لە ئارادایە کە ئەم شوێنانە زیاتر نهێنی بن، بۆ زیاتر پاراستنی گیانی ئەم ژنانەی کە لەوێ ژیان بەسەر دەبەن.

هەر لەم دیدارەدا ستافی رۆژنامەنووسی واشنتۆن پۆست لە پرسیارێکیدا ئەوەی ورووژاند کە کێشەی ژنان لەم ناوچەیە پێویستی بەوە هەیە هەوڵی زیاتری بۆ بدرێ بەتایبەت لە مێدیاکان کاری هۆشیار کردنەوەی بۆ بکرێ و لەلای خۆشیانەوە پێیانباشبوو راستەوخۆ سەردانی ئەم شوێنانە بکەن کە ئەم ژنانەی تیادا دەژین تا لەنزیکەوە راستیەکان تۆمار بکەن.

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی ستافەکە لەمەڕ خۆسوتاندنی ژنان بەرێزی لە وەڵامدا ووتی: خۆسوتاندن لە کوردستان لە زیادبوندایە دەبێ ئیجرائاتی جیدی وەربگیرێ بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم دیاردەیە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەناو خێزان و کۆمەڵگادا.

لە رووی بارودۆخی بەندیخانە و زیندانیەکان و دیاردەی تیرۆریزم کە پرسیارێکی ئەم ستافە بوو.. د.شوان محمد عەزیز روونی کردەوە کە بە بەردەوامی کاری یاسایی بۆ ئەم مەسەلەیە کراوە و بەبەردەوامی وەزارەتی مافی مرۆڤ سەردانی بەندیخانەکان دەکات و لە نزیکەوە چۆنیەتی گوزەرانی زیندانیان بەسەردەکاتەوە و بەرگری لە مافەکانیان دەکرێ و بۆ دادگاییکردنی ئەمانە کە بە تۆمەتی تیرۆر گیراون تا سنوورێکی باش چارەسەی ئەم کێشەیە کراوە و ژمارەیەکی کەم لە بەندییەکان ماون بۆ ئەوانیش چاوەڕێی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیانین لە دادگاکاندا.... هەر لەم تەوەرەدا باسی ئەشکەنجەدان کرا، لەم رووەوەش وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند ئەم دیاردەیە ئێستا روو لە کەمبوونەوەیە و لەلای خۆشمانەوە بەبەردەوامی بەدواداچوونمان بۆ کردووە و لە راپۆرتەکانماندا دەستنیشانمان کردووە...

شایەنی باسە ستافەکە لە پێنج رۆژنامەنووس پێکهاتبوو کە لەو دیدارەدا زیاتر لە سەعاتێکی خایاند.

## له دیداریکی وەزیری مافی مرۆڤ وکۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دووپاتی پاراستنی دەستکەوتەکان کرایەوە....

سەرلە بەیانی رۆژی 2008/8/25 بەرێز د.شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە وەفدێکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان کرد...

لەم دیدارەدا کە بەرێز عبدالله عبدالکریم بەرێوەبەری گشتی دیوان ئامادەیبوو گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەسەر رۆلی پێشمەرگە دێرینەکان کرا لە هێنانەکایەی رۆژی ئازادی کوردستان و دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت کە رۆژێ لە رۆژان لە سەنگەرەکان ئەم بەڵێنەیان بە گەلەکەیان دابوو بە خوێنی خۆیان ئەم چارەنووسەشیان نەخشاند.

لەتەوەرێکی دیکەدا وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی کردەوە کە ئەمرۆ سەردەمی خەباتی شارە و لەسەر هەموو پێشمەرگەیەکی دێرینی دڵسوز ئەرکە کە بەهەمان گرو تینەوە لە پێناوی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی شارستانیەت خەباتی دوێنێی بەرەو پێبدات.

هەروەها سەرۆکی وەفدی پێشمەرگە دێرینەکان لەبەرامبەردا هەڵوێستی کۆمەڵەکەیانی روونکردەوە کە ئەمرۆ لەهەموو رۆژەکانی دیکە زیاتر ئەرکی پێشمەرگە زێتر بووە و لە بەرامبەردا هەندێ گۆرانکاری و هاتنە پێشەوەی سەردەم هێشتا پێشمەرگە دێرینەکان ئەرکی گرنگیان لەسەرشانە بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتانەی بۆ گەلەکەمان هاتۆتە دی.

هەر لەم دیدارەدا وێرای باسکردنی چۆنیەتی کارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ وەزیری مافی مرۆڤ داوای کرد کە پێویستە بەر لە هەموو چین و توێژەکان هێزی پێشمەرگە پابەند بێت بە بەندەکانی جاری جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی مافەکان و زەروریەتە هەمیشە هێزی پێشمەرگە لە پێشێلکارییەکان دوور بکەوێتەوە. راشیگەیاند: کە لەم ماوەیەی کابینەی پێنجەم کە وەزارەتی مافی مرۆڤی تیا دروستبووە لەمیانی کاری بەردەوامان گۆرانکاری باش هاتۆتە کایەوە لەسەرووی هەموشیانەوە ناساندنی مافی مرۆڤە بە کۆمەلانی خەلکی کوردستان و ئێستاکە وانەی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە کە لە ئایندەدا مافی مرۆڤ لەلای نەوەی نوێ نامۆ نەبێت.

## ڕێکخراوی ( UNOPS ) لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤ
## پرۆژەی ڕەوشی زیندانیان ئە نجام دەدەن

بۆ زیاتر برەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی (UNOPS) لە پێناوی جێبەجێکردنی بەرنامەی پاراستنی مافی گلدراوەکان و قوربانیانی ئەشکەنجە لەسەردەمی ڕژێمی پێشووی عێـراق، ڕۆژی 2008/8/26/ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی بەرێز د.شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە خاتوو (عـەبیر مەندەلاوی) لێپرسراوی بەرنامەی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی ناوبراو لە کوردستان کرد.

لەم دیدارەدا پرۆژەی پارێزگاریکردن لە قوربانیانی ئەشکەنجە و پاراستنی گلدراوەکان کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو دووچـاری بوونە، تاوتوێ کرا.

ئەم پرۆژەیەش (3) سـاڵ دەخایـەنێ و هـەرێمی کوردسـتانیش دەگرێتـەوە و لـە ڕۆژی 2008/9/15 کارەکانیـان دەسـت پێدەکات.

تەوەرێکی دیکەی ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە بریتیە لە چاودێریکردنی ڕەوشی بەندیخانە و زیندانیان و یارمەتیدانی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی ماوەیەکە بەبێ دادگایی گلدراونەتەوە و ئەم ڕێکخراوە ئامادەباشی خۆی دەربڕی بۆ دانانی پارێزەر تا مامـەڵەکانیان بەزوویی تەواو بکات و چارەنووسیان بەدیار بخرێ، هەروەها بریاریش دراوە کە مەڵبەندێکی ئامادەکردن بۆ ئەو کەسانەی کـە لەسەردەستی ڕژێمی پێشوو دووچاری ئەشـکەنجەدان هـاتوون لەهـەولێر و سـلێمانی و دهـۆك بکرێتـەوە تیایـدا پێداویـستی پزیشکی و دەروونی-یان پێشکەش بکرێ و گەشتی خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکرێ و وەرشەی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە تـاکو بتوانن لەم ڕێگایەوە سەر لەنوێ خۆیان بۆ ژیانێکی ئاسایی ئامادە بکەنەوە.

لەم ڕووەوە وەزیری مافی مرۆڤ هەموو ئامادەباشییەکی وەزارەتـی ڕاگەیانـد بـۆ سـەرکەوتنی ئـەم پرۆژەیـە کـە بڕیـارە بـە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی (یونۆپس) ئەنجام بدرێ.

# * بەشی بەندیخانەکان *

لە میانی سەردانیکردنی بەشی بەندیخانەکان لەهەر سێ مانگی (5،6،7) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران) لە هەولێر، ئەم چاکسازییەوە لەرووی کاری بەڕێوەبردنەوە گۆڕانێکی بەسەر هاتووە پێشتر ئەم بەندیخانەیە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بوو، بەلاّم لە بەرواری 2008/7/1 ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گواسرایەوە سەر میلاکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی و ناوی گۆڕا بۆ (بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران)...

لەدوای سەردانی بەشی بەندیخانەکان لە 31/ی ئابی 2008 بۆ ناو هۆڵەکانی ئەم بەندیخانەیە کە لە (9) هۆڵ پێکهاتووە تێبینی ئەم خالاّنە کراوە:

1-لەرووی پاك و خاوێنیەوە هۆڵەکان پاك نیە و نارێکی پێوەدیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنی بینای بەندیخانەکە و بچووکی رووبەرەکەی بەگوێرەی ژمارەی راگیراوەکان.

2-پاك و خاوێنی (حەمام و ئاودەست)ەکان کە لەناو هۆڵەکاندایە بەشێوەیەکی گشتی خاوێنیەکەی ناپارێزراوە... بوونی (حەمام و ئاودەست)ەکان لەناو هۆڵەکان خۆی لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ دروستبوونی نەخۆشی... بەلاّم هەلّسوکەوتی کارمەندانی چاکسازی لەلایەن بەندکراوانەوە هیچ گلیەییەکی لەسەر نەبوو و سەرباری بنکەی تەندروستی هەر زیندانیەك نەخۆشبکەوێ و پێویستی بە چارەسەر هەبێ رەوانەی نەخۆشخانەی دەرەوە دەکرێ لە رووی خواردن و خواردنەوە و سەردانی کەس و کاری زیندانیان دیسان هیچ گلەییەك بەدینەکرا... بەلاّم گلەیی ئەوە هەبوو کە کارەبای نیشتمانی بەشێوەیەکی بەردەوام نیە بەتایبەت شەوان و لەکاتی نووستن و کە (مولیدە)ش دادەگیرسێنن سپلیتەکان بەو کارەبایە داناگیرسێ و بۆتە هۆی نارەحەتی و بێزارییەکی زۆری زیندانیان و بچووکی قەبارەی هۆڵەکان و زۆری بەندکراوەکان زیاتر کاردەکاتە سەر زیادبوونی پلەی گەرما، بۆیە پێویستە چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێ...

هەر لەم سەردانەدا زیندانیان داواکاری ئەوەیان هەبوو کە هەندێ لەوان خەلّکی شارەکانی دیکەی کوردستانن و بگوازرێنەوە بۆ شارەکانی خۆیان بۆ ئاسانکردنی سەردانیکردنیان لەلایەن کەس و کاریانەوە... داواش دەکەن کە لێبوردنی گشتی دەربچێ و بەمەرجێ وەکو ئەوەی پێشتر نەبێ کە لێبوردنەکە رێژەیەکی کەمی لە زیندانیان گرتەوە.

هەر لەم رۆژەدا بەشی بەندیخانەکان سەردانی فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر-یان کردووە لەکاتی چوونەژوورەیان (241) راگیراو لەم بەندیخانەیە بووە و زۆری راگیراوەکان بە گوێرەی قەبارەی هۆڵەکان نەبووە و ئەوانیش هیچ گلەییەکیان لە کارمەندانی بەندیخانەکە نەبووە و خواردن و خواردنەوەیان باشبووە، بەلاّم پیسی و نارێکی هۆڵەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە و ئەمەش ژینگەیەکی باش دەخولقێنێ بۆبلاّوبوونەوەی نەخۆشی و نەبوونی کارەبای بەردەوام بە کێشەیەکی سەرەکی لەم بەندیخانەیە دادەنرێ بەتایبەت لەکاتی شەوان... بۆ دروستی قسەی راگیراوەکان کە فەرمانبەرانی بەشی بەندیخانەکان چوونەتە ناو هۆڵی راگیراوەکان بەشێوەیەك هۆڵەکان زۆور گەرم بوون و بەتایبەت لەبەر زۆری راگیراوەکان و بچووکی قەبارەی هۆڵەکان زیاتر ئەم گەرمایە راگیراوەکانی هەراسان کردووە... لەسەردانەکانیشدا دەرکەوتووە کە دواکەوتنی دادگاییکردنەکان دووبارە دەبێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەت بەبەردەوامی بەدواداچوونی بۆ ئەم کێشەیە لەگەلّ لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە و دەیکات.

لەبەرواری 2008/9/2-یش بەشی بەندیخانەکان لە دیوانی وەزارەت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و نەوجەوانان-یان کردوە و هەندێ لە گیراوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە جۆری خواردنەیەکەیان باش نیە، بەتایبەت لەیەکەم ڕۆژی مانگی رەمەزان.

لەبەردەوامی سەردانەکانی بەشی بەندیخانەکان ڕۆژی 2008/9/3 سەردانی هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر و بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێریان کردووە... لەو تێبینیانەی کە بەرچاو خراوە بینایەی ئاسایشی گشتی بچووکە و بەرچاوترین کێشەی ئەم بەندیخانەیە ئەوەیە کە زۆربەی بەندکراوەکان (عەرەب)ن و خەڵکی شارەکانی دیکەن و زۆربەیان لەلایەن ئاسایشی هەرێم نەگیراون، بەڵکو تەنها بۆ حەوانەوە ڕەوانەی ئەوێ کراون ئەمەش بۆتە هۆی ناڕەزایی و نارەحەتی کارمەندانی ئاسایش و بەندییەکان..

ئەو بەنکراوانەی کە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان-یش بوون داواکاری ئەوەیان هەبوو کە بگوازرێنەوە شارەکانی خۆیان، سەرەڕای نەبوونی گلەیی لە هەڵس و کەوتی کارمەندان.

هەر لە ڕاپۆرتی بەشی بەندیخانەکانی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە زاخۆدا هاتووە ئەم نووسینگەیەلەبەرواری 2008/8/28 سیمینارێکی بۆ ژمارەیەك پۆلیسی سەر بە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی زاخۆ سازدراوە بەمەبەستی زیاتر ڕۆشنبیرکردنی پۆلیس لەمەڕ گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت لە کارەکانیان لەناو بەندیخانەکان و لەگەڵ زیندانیان...

هەر لەراپۆرتەکەیاندا لەکاتی سەردانی کردنیان بۆ بنکەی دەستبەسەری زاخۆ چەند خاڵێکیان رونکردۆتەوە لەمانە:

ئاماژەیان بەهیچ توندوتیژییەك لەلایەن بەندکراوانەوە نەداوە و لەرووی خزمەتگوزاری تەندروستیشەوە هیچ گلەییەك نەبووە و (داواکاری گشتی) مانگانە دووجار سەردانی ناو ژووری بنکەکە دەکەن و پێداچوونەوە بۆ فایلی گیراوەکان دەکەن، بەلاّم لەبەرئەوەی شوێنی ڕاگرتنی بەندکراوەکان بچووکە و بەشێوەیەك تێکەڵ دەکرێن بەبێ ڕەچاوکردنی جۆری تاوان و تەمەن...

بەندکراوەکان گلەیی-یان لە جۆری خراپی خواردنەکە هەبوو کە لەلایەن ئەم بنکەیە پێشکەشدەکرێ... کێشەیەکی دیکەی بەرچاو لەم بنکەیە ئەوەیە هەبوونی چەند کەسێك کە لەرووی دەروونیەوە ناتەواون و بەهۆی شەڕکردنیان لە دەرەوە و لەگەڵ خێزانەکانیان دەستەبەر دەکرین و لەم بنکەیە و لەناو ژووری ڕاگیراوەکانی دیکە دادەنرێن...

راپۆرتی بەشی بەندیخانەکانی نووسینگەی مافی مرۆڤی ئاکرێ ئاماژە بەوە دەکات لەکاتی سەردانیکردنیان بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی قەزای ئاکرێ لەرۆژی 2008/6/29 تەنها (7) گیراوی تێدا هەبووە بەتاوانی جۆراوجۆر دەستگیرکرابوون.

لە بەندیخانەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای ئاکرێ سەرباری ئەوەی لەرووی خزمەتگوزارییەوە بەندکراوەکان هیچ گلەییەکیان نەبوو و وەك سیستەمی کارەکانی ئەم نووسینگەیەش هەموو جارێ فۆرم دابەشی سەر بەندکراوەکان دەکات، ئەمجارە تەنها (1) بەندکراوە فۆرمەکەی پڕکردەوە.

بەشی بەندیخانەکانی نوسینگەی مافی مرۆڤی سۆران لە دوایین سەردانیکردنی بۆ بەندیخانەی ئاسایشی سۆران کە (4) بەندکراوی تێدا بووە و تێبینی ئەم خالاّنە کراوە:

1-(حەمام و ئاودەست) لەناو هۆڵی بەندیخانەدا نیە و لەکاتی پێویست بوونی هەر بەندکراوێك دەبێت ئاگاداری کارمەندێکی بەندیخانە بکرێت.

2- بەندکراوان چوونە دەرەوەیان نیە و بۆئەوەی سوود لە هەوای پاك وەربگرن.

3-سپلیتی هۆڵەکان لەکارکەوتووە پێویستیان بەچاککردنەوە هەیە.

4-ئاو ساردکەرەوە (بەراد) لەکارکەوتووە.
بەلاّم لەرووی هەلّسوکەوتی کارمەندانەوە هیچ گلەیی و گازاندەیەك لەلایەن بەندکراوانەوە بەدینەکرا.
هەر لەم راپۆرتەدا لەکاتی سەردانی بەندیخانەی پۆلیسی سۆران ئاماژە بەوە کراوە کە هۆلّی تایبەت بەبەندکراوان نیە، بەلّکو تەنها دوو ژووری بچووك دابینکراوە بۆ راگرتنی راگیراوەکان.
ئەوەش لە راپۆرتەکە خراوەتە روو کە سەرباری باشی هەلّسوکەوتی کارمەندانی بەندیخانەکە بە بەراورد لەگەلّ ژمارەی بەندکراوەکان زۆر بچووك و ناشیاوە و کەل و پەلی نوستن لەناو ژوورەکاندا پیس و سپلیتی ناو ژوورەکان لەکارکەوتوون و ئامێری سارکردنەوەیان نیە و بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە (تەرموز) بەکاردەهێنن.
لە بەندیخانەی بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی رانیەش بەپێی ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە کە بریتیە لە (4) ژوور بۆ راگیراوی پیاو و (1) ژوور بۆ راگیراوی (ژن) و (1) ژوور بۆ راگیراوی نەوجەوانان و زۆربەی خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابینکراوە، بەلاّم لەرووی خواردن یەك جۆر خواردن بۆ هەمووان ئامادە دەکرێت  ئەمەش هەندێجار کاردەکاتە سەر هەندێ لەو راگیراوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە وەکو نەخۆشی (شەکرە و پالّەپەستۆی خوێن) کە زۆربەی کاتەکان ناتوانن ئەو خواردنە بخۆن و بێ خواردن دەمێننەوە.
جگە لەوەی کە چەند بنکەیەك هەیە کە تاکو ئێستا بینای تایبەت بە خۆیان نیە وەك (بنکەی پۆلیسی راپەرین، قەلاّدزێ) و ناحیەکانی (هێرۆ، ئیسیۆ، سەنگەسەر) جاری واشەبووە زیاتر لە (10) راگیرا و هەبووە و هیچ خزمەتگوزارییەکی (خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و رایەخ و پێخەف و گۆڕەپانی پشوو و نەبوونی ئامێری فێنك کەرەوە و گەرمکردنەوە و نەبوونی کارەبا) نەبووە...
لە درێژەی راپۆرتەکەی بەشی بەندیخانەکانی دیوانی وەزارەت ئاماژە بەراپۆرتی بەشی بەندیخانەکانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە شارەزوور دەکات و کە لە کاتی سەردانیکردنیان بۆ بەندیخانەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوو کە بارەگاکەی لە هەلّەبجەی شەهیدە و بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی هەرسێ قەزای سەید سادق و شارەزوور و هەلّەبجەی شەهید و سەرجەم یاریدەدەرەکانی ئەم قەزایانە و گیراوەکانی خۆیان بۆئەوێ دەنێرن بەهۆی ئەوەی بینای تایبەت بە خۆیانەوە نیە و بنکەی پۆلیسی هەلّەبجەی شەهید کە سەر بەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەلّەبجەی شەهیدە و ژووری راگرتنی راگیراوەکانیان لەناو بنکەکەدایە و لە (24) سەعات زیاتر بەندکرا و لەلای خۆیان ناهێلّنەوە و بەپێی یاسا یان بە کەفالەت ئازادی دەکەن  یان رەوانەی بەندیخانەی سلێمانی-یان دەکەن، لە بنکەی پۆلیسی سەید سادق-یش تەنها ژوورێك بۆ راگرتنی راگیراوەکان هەیە و لەکاتی سەردانیکردنی بەشی بەندیخانەکانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە شارەزوور تێبینی ئەوە کراوە کە ئامێری فێنك کەرەوە و هەوا گۆڕیان نیە... بنکەی پۆلیسی پێنجوێن کە سەر بەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پێنجوێنە لەسەرجەم بنکە پۆلیسیەکانی ئەم سنورە تەنها ئەم بنکەیە بینایەی تایبەت بەخۆی هەیە و تەنها ژوورێکیان بۆ راگیراوان هەیە.
لە بنکەی پۆلیسی هەلّەبجەی تازەش راگیرا و تەنها (24) سەعات دەمێنێتەوە یان بەپێی یاسا بە کەفالەت ئازاد دەکرێ یان رەوانەی بەندیخانەی سلێمانی دەکرێ... بنکەی پۆلیسی وارماوا (زەرایەن)یش کە سەر بە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی شارەزوورە بینای تایبەت بە خۆیەوە نیە و لەگەلّ چەند دام و دەزگایەکی دیکەی حکومەت تێکەلّن و ژوورێکیان دابینکردوە بۆ راگیراوەکان بۆماوەیەکی کەم.
لە راپۆرتی (3) مانگەی ئەمجارەی بەشی بەندیخانەکانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی کۆیە لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەرێوەبەرایەتی کۆیەوە دەست پێدەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە لەبەندیخانەی ئەم بنکەیەدا:

1-هیچ بلاوکراوە و چاپەمەنیەك نیە کە بەندکراوەکان بیخوێننەوە، تەنها رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) نەبێت ئەویش لەلایەن بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤەوە بۆیان دابینکراوە و رۆژنامە رۆژانە دەگاتە دەستیان.

2-نەبوونی کادیری کۆمەڵایەتی.

3- نەبوونی مەرجی تەندروستی لەناو بەندیخانەکە.

4-نەبوونی کەرەستەی پێویست بۆ (فێنك)کردنەوەی ناو ژوورەکانی بنکەکە وەك (سپلیت) لە وەرزی هاوین و (گەرمکردنەوە)ی ژوورەکان لە وەرزی زستان.

5-نەبوونی جلو بەرگی تایبەت بە بەندیەکان لە ناوبەندیخانەکەدا.

6-نەبوونی شوێنی تایبەت بە ورزش لە ناو بەندیخانەکەدا.

لەروی هەڵسوکەوتی کارمەندان و جۆری خواردن هیچ گلەییەك لەلایەن بەندییەکانەوە نەبیسترا تەنها داواکاری ئەوە هەبوو کە پزیشکی ئافرەتان سەردانی بەندییە ژنەکان بکات.

هەر لەراپۆرتی مافی مرۆڤی کۆیەدا هاتووە کە سەردانی بەندیخانەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی رۆژهەلاتی هەولێر-یان کردووە و دەستنیشانی ئەوەیان لەراپۆرتەکەدا کردووە. ئەم شوێنەی کراوەتە بەندیخانە لەرووی تەندروستیەوە شوێنێکی گونجاو نیە و (جل و بەرگ و پێخەف)ی گونجا و بۆ بەندییەکان لەم بەندیخانەیە نیە و شوێنێکی تایبەت بۆ وەرزش بەرچاو ناکەوێ، بەلاّم لەرووی بوونی کارەبا و خزمەتگوزاری و هەڵسوکەوتی کارەمەندان هیچ گلەییەك تۆمار نەکراوە و دوای هەوڵ و کۆششی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی کۆیە و لەرێگای قایمقامی قەزای کۆیەوەش توانراوە بەبەردەوامی ئاوی پاك بۆ بەندیخانەکە دابینبکرێ.

راپۆرتی بەشی بەندیخانەکانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی چەمچەماڵ رایدەگەیەنێت پاش هەوڵێکی زۆر و بەردەوام لەلایەن بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی چەمچەماڵ گرتوخانەی چەمچەماڵ نۆژەنکرایەوە و جەختیشیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە شوێنی ژنان بەجیا بێت و هی نەجەوانان بەجیا و ئێستا راگیراوەکان گواستراونەتەوە بۆ ئەم بنکە تازەیە و پاش گفتوگۆ لەگەل راگیراوەکان بەگشتی بۆچوونیان لە رەوشی ژیانیان لە بەندیخانەکە خراپ نەبووە، تەنها هەندێکیان سکالاّیان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ کردووە کە دادگایکردنەکەیان دوا دەکەوێ بەدواداچوونی بۆ نەکراوە، بەلاّم سەرەنجام دەرکەوتووە کە رێگای یاساسی بۆ سەرجەمیان گیراوەتەبەر.

**را پۆرتی بەشی بەند یخانەکانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی :**

